زانكۆی سەلاحەددین–هەولێر
كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
قۆناغی سێیەم – كۆرسی یەكەم

# ڕێگـــاكـــــــــــانی وانەوتنەوە

## م. ی چیمەن همزە درویش

### هەفتەی یەكەم

# ناساندن

ڕێگا ( طريقة ): لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای ڕێچکە یان ڕێگایەك دەگیرێتەبەر بۆ گەیشتن بەئامانج.

لەڕووی زاراوەییەوە بەمانای گرتنەبەری کۆمەڵێك ئامراز بۆ بەدیهێنانی مەبەستە پەروەردەییەکان , ئەمەش کۆششێکە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکاندا دەدرێت.

کەواتە:

ڕێگا: ئامرازێکە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ گەیاندنی ئەزموون و شارەزاییەکان بەفێرخوازەکانی لەهەر وانەیەك لەو وانانەی دەیلێتەوە.

## وانەوتنەوە ( التدريس ):

1. پرۆسەی گواستنەوەی زانیاریە لەمامۆستاوە بۆ قوتابیان.
2. چالاكیەكی دینامیكیە پێكهاتووە لەمامۆستا و قوتابی و بابەتی خوێندن.
3. پیشەیەكە ئەو كەسانە پراكتیزەی دەكەن كەزانیاری فێری قوتابیان دەكەن.
4. ئەو هەلەیە (فرص ) كەمامۆستا لەپێناو فێركردنی قوتابیەكانی دەیدات وەك چالاكیەكان و هۆكارەكان و هەڵسەنگاندن ....

وانەوتنەوە سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت ئەوانیش:

- ماموٚستا
- قوتابی
- ناوەڕۆك ( پەرتووکی خوێندن ) / بابەتی خوێندن

# پ: ئایا وانەوتنەوە هونەرە یان زانست؟

ئەوانەی دەڵێن وانەوتنەوە هونەرە:

ئەوانەی دەڵێن وانەوتنەوە هونەرە دەڵێن مامۆستا تەنها مەیلی بۆ ئەو بابەتانە هەبێت کەدەیلێتەوە و پێویستی بە ئامادەکردن نیە.

هەرچی ئەوانەی دەڵێن وانەوتنەوە زانستە:

دەڵێن وانەوتنەوە لەسەر کۆمەڵێك بنەمای زانستی و لێکۆڵینەوە لەبواری پەروەردە و دەروونزانی دروست بووە و تەنها کۆ نابیتەوە لەپێدانی زانیاری بەقوتابیان بەڵکو لە لێکۆڵینەوە و گۆڕانکاری فێرکاری تر خۆی دەبینێتەوە.

بەڵام

دەتوانین بڵێین پیشەی وانەوتنەوە پێویستی بەکۆمەڵێك توانستی سەرەکی هەیە کەمامۆستا لەقۆناغی قوتابیەتی پێش پیشەی وانەوتنەوە پراکتیزەی بکات کەواتە وانەوتنەوە هونەر و زانستە لەیەك کاتدا.

ڕێگاکانی وانەوتنەوە ( طرائق التدريس ):
ئامرازی پەیوەندیکردنە مامۆستا لەپێناو گەیاندنی ئامانجی بابەت بەقوتابیان بەکاریدەهێنێت.

# شێوازی وانەوتنەوە ( اسلوب التدريس ):

- کردارێکە تایبەتە بەخودی کەسێتی مامۆستاوە لەچۆنێتی وتنەوە و گەیاندنی وانەکەی بەفێرخوازەکانی.
- فۆرمێکی تایبەتە بەهەر مامۆستایەك لەچۆنیەتی خستنەڕووی بابەتی فێرکاری.

# ستراتیژیەتی وانەوتنەوە ( إستراتیجیة التدریس ):

کۆمەڵێك ڕێوشوێنی هەڵبژێردراوی وانەوتنەوەیە دیاریدەکرێت لەلایەن مامۆستاوە یان دیزاینەری وانەوتنەوە و لەمیانەی جێبەجێکردنی وانەوتنەوەدا دادەنرێت و ئامانجی بابەت بەباشترین شێوە بەدەست دەخات.

**جیاوازی نێوان ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە چیە؟**

هەندێك كەس وەك هاوواتای یەكتر بەكاریان دەهێنێت بەڵام ستراتیژیەت فراوانترە لەرێگای وانەوتنەوە چونكە ستراتیژیەت رێگای گونجاو هەڵدەبژێرێت بەپێی گۆرانكاری و ژینگە جیاوازەكانی نێو هەڵوێستە فێركاریەكان.

هەرچی رێگایە فراوانترە لەشێواز چونكە رێگا ئامراز و هۆكاری پەیوەندیكردن و گەیاندنە مامۆستا لەپێناو گەیاندنی ئامانجی بابەت بەكاریدەهێنێت.

لەكاتێكدا شێوازی وانەوتنەوە بەكارهێنانی رێگەكەیە لەلایەن مامۆستاوە. كەواتە ستراتیژیەت فراوانترە لەرێگا و شێوازی وانەوتنەوە.

# فێربوون و فێرکردن و وانەوتنەوە ( التعلم والتعليم والتدريس )

فێربوون: بریتیە لەگۆڕانکاری کردن لەرەفتار ئەویش لەرێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە و بەردەوامیش ئەمە لەخۆی دەگرێت. واتە تاك لەهەوڵ و کۆششدا دەبێت تادەگاتە هێنانەدی حەز و ئارەزوو و ئامانجەکانی.

**قوتابی – بابەت**



فێرکردن:

پرۆسەیەکی مەبەستدار و بێ مەبەستە لەنێو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە ڕوودەدات و لەهەر کاتێکدا ئەوەی پێی هەڵدەستێت مامۆستایە. مەرجە قوتابی و مامۆستا و بابەتی خوێندن بوونی هەبێت.

مامۆستا – قوتابی – بابەت



وانەوتنەوە: پرۆسەیەکی مەبەستدار و پلان بۆ داڕێژراوە مامۆستا پێی هەڵدەستێ لەناو قوتابخانە بەمەبەستی یارمەتیدانی قوتابی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

مامۆستا – قوتابی – بابەت – شوێنی خوێندن

